# پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب لە دیدی دڵداردا

**هێمن عەبدولحەمید شەمس**[١]

[١] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەدەب بونیادێکی زمانییە، لە ڕێگەی یاریکردن بە واتا و شوێنی کەرەستە زمانییەکانەوە، وێنەی جوان و تازە و سەرنجڕاکێش و کاریگەر بەرهەم دەهێنرێت ،کە بەپێی جیاوازیی توانای ئەدیبەکان، ئەفراندن و تازەگەری دەکرێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵ دراوە دید و تێڕوانینی دڵدار سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب بخرێتە ڕو. بۆ ئەم مەبەستەش سێ وتاری 'دڵدار'، کە بریتین لە 'زوبانی کوردی و ئەدەبیات، ئەدەب بە خواری تەماشا ئەکرێت، نووسینی کوردی'، هەڵبژێرراون و کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیەن، کە سەرجەمیان لە لاپەڕە '100 – 116'ی کتێبی 'دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد'، نوسینی 'عەبدولخالق عەلائەدین'دا بڵاوکراونەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە ئەدەب و زمان کراوە و پێناسەی ئەدەب لە لایەنی زمانەوانییەوە خراوەتەڕو، پاشان ڕۆڵی زمان لە ئەدەبدا باس کراوە، بەو پێیەی کە ئەدەب فراوانکردنی هەندێك لە تایبەتمەندی و بەکارهێنانەکانی زمانە. دواتر ئەم ڕۆڵە لە دیدی دڵداردا بەتایبەت باسکراوە. لە بەشی دووەمدا، باسی ئەرکەکانی زمان و پێکهاتەی زمان کراوە، لە دیدی دڵدارەوە، بە تایبەت ئەرکی دەرونی و سۆزداریی زمان و مەزراندنی 'توضیف' لە ئەدەبدا و شیکردنەوەی تێڕوانینی دڵدار لەم بابەتەدا پانتایی ئەم بەشە داگیردەکات، لەگەڵ دیدی دڵدار بۆ مژاری ڕۆڵی زمان لە داهێنانی ئەدەبیدا. لە بەشی سێیەمدا باس لە تێڕوانین و بۆچونی دڵدار کراوە، سەبارەت بە شێوازی نوسین و ئەرکی نوسەران و گۆڤارەکان لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردیدا. دواتر چەند ئەنجامێك خراوەتەڕو، لەوانە: دیدی دڵدار بۆ زمان و ئەرکی زمان، زانستییانەیە. 'دڵدار'، وەك شارەزایەکی بواری زمانەوانی مامەڵەی لەگەڵ شێوازی نوسین و فەرهەنگ و ئەرکی نوسەردا کردووە.

**کلیلە وشە:** دڵدار، زمان، نوسین، ئەدەب، ئەرکی زمان

## ١. پێشەکی

دڵدار، وەك ڕۆشنبیرێکی بە توانا و بوێری سەردەمی خۆی، لە زۆر بابەتی هەستیار و فرەڕەهەند دواوە و تێڕوانین و بۆچونی خۆی بە ڕاشکاوی خستۆتەڕو، کە بەشێکی زۆر لە بۆچونەکانی، لە سەردەمی خۆیدا تازە بون، بۆیە بە پێویست زانرا کە لە تێڕوانین و دیدی دڵدار بۆ پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب بکۆڵرێتەوە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، یەکەمجارە چەند بۆچونێکی دڵدار بەپێی بنەماکانی زمانەوانی 'زانستی زمان'، لێکدەدرێتەوە و ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە.

## ٢. بەشی یەکەم

### ١.٢ زمانی دواکەوتو و ئەدەبیاتی بەرز

ئەم ناونیشانە، جێگای سەرنج و تێڕامانی دڵدار بووە، کە چۆن و بە چ پێوەرێك دەشێت زمانێك ساوا و دواکەوتو بێت، کەچی ئەدەبێکی بەرز و باڵای پێ نوسرابێت؟! بۆیە لە پەیوەستی و پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب دێتە گۆ و وتارێکی لەبارەوە نوسیوە لە ژێر ناوی 'زوبانی کوردی و ئەدەبیات' (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٠)، بە وتەی خۆی 'پەی دەستی لە بەینی زوبان و ئەدەب' نیشان دەدات، کە لە ڕاستیدا زۆر بابەتیانە لە بارەیەوە دواوە. هەر ئەم بابەتەش بیرۆکە و کەرەستەیەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

### ٢.٢ ئەدەب

ئەدەب، بەشێوەیەکی گشتی و شیعر بە تایبەتی، لەهەندێك باردا، یارییەکی زمانییە، کە لە ڕێگەی یاریکردن بە واتا و شوێنی کەرەستە زمانییەکانەوە، وێنەی جوان و تازە و سەرنجڕاکێش بەرهەم دەهێنرێت، کە ببێتە جێگای سەرنج و لێڕامانی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢ (٢٠٢٠)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ تشرینی یەکەم ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ١٥ تشرینی دووەم ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٥ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hemin.shams@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ **هێمن عەبدولحەمید شەمس**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی CC BY-NC-ND 4.0 -

خوێنەر و گوێگرانی، بەتایبەتی لە شیعردا، چونکە "زمانی شیعر، بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە" (فەتاح، ۲۰۱۰، ٤٠١).

ئەدەب، فراوانکردنی هەندێك لە تایبەتمەندی و بەکارهێنانەکانی زمانە (تودوروف، ۱۹۹۳، ٤١). کاری ئەدەبی، بونیادێکی زمانییە، کە تێیدا توانا مۆسیقی و ئامازەییەکان، بۆ گەیاندنی شتێکی نوێ یان داهێنانێك یان بیرێکی تازە، بەکاردەهێنرێت. (لطفي، ۱۹۸۱، ۱۹۷). هەروەها ئەدەب بریتییە لەو دەربڕینانەی کە واتا یەکی ئاسایی ناگەیەنن. (ساپییر، ۱۹۹۳، ۲۹). مەبەست لەوەش وەرگرتن و بەکارهێنانی سیما واتاییەکانی وشەیە بەشێوەیەکی جیاواز لە بەکارهێنانە باو و ئاساییەکەی خۆی، واتە گۆڕینی سیما واتاییەکانی وشە، 'سیما گۆڕین هەر لە شیعردا ڕونادات، بەڵکو لە پەخشان و قسەی ڕۆژانەشدا دێت، بەڵام هەرگیز بەو ڕادەیە و بەو بڕە زۆرە نایەتە ئاراوە' (فەتاح، ۲۰۱۰، ٤۲۷). هەروەها جێگۆڕکێ و گۆڕینی پەیوەندییە جێنشینی و تەکنشینییەکانی کەرەستە و پۆلەڕێزمانییەکان، بەشێوەیەك کە واتا یەکی دیکە ببەخشێت و وێنەیەکی دیکە بەرهەم بهێنێت، جۆرێکی دیکەی بەکارهێنانی زمانە لە ئەدەبدا، "وشەیەك، هاوڕێیەکەی دەگۆڕێتەوە، یان لەگەڵ وشەیەکدادێت، کە لەمەوپێش ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبووە" (فەتاح، ۲۰۱۰، ٤۱۹). بە دەربڕینێکی دیکە، واتای کەرەستەزمانییەکان لە بەکارهێنان و ڕیزبوندا، واتە لە ڕستەدا، بە هۆی پەیوەندییان بە وشە و گرێ 'کەرەستە زمانییەکان' ی دیکەوە دەستنیشان دەکرێن. لەبەر ئەوە تێگەیشتن لە بەرهەمێکی ئەدەبی، بەشێوەیەکی گشتی، پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوە و لێکدانەوە هەیە. "زمانی شیعر، دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە و بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، چونکە نە کات، نە شوێن، نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازی، نە ڕێنوس سنوری بۆ ناکێشن و لە دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە" (فەتاح، ۲۰۱۰، ٤٠١).

ئەدەب لای دڵدار، سنور و چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە و شتێکی گشتگیرە؛ کە سەراپای ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. هەمەڕەنگی و فرەچەشنی و فرەڕەهەندیی ئەدەب، لای دڵدار، زۆر بە ڕونی دەرکەوتووە؛ ئەو پێیوایە ئەدەب زۆر لە تیشکی ڕۆژ دەکات، کە نە تەنیا لایەنی مادی دەگرێتەوە و نە تەنیا غەرامیاتێکی ڕووتە و ئەدەبی کۆمەڵایەتیش بوارێکە لە بوارەکانی ئەدەب (عەلائەدین، ۱۹۸۳، ۱۰۷ - ۱۱۱). ئەدەب لای دڵدار بریتییە لەو هەست و وێنە و مەبەست و پەیامەی کە نوسەر یان ئەدیب مەبەستیەتی بیگەیەنێت، ئەوەتا دەڵێت: "ئەم مەعنایەی کە ئەدیب ئەیەوێ کە لە گوێگردا یا خوێندەوار بگەیێنێ، وە یا ئەم ئیحساسەی کە بەدیاری ئەخات، ئەوە ئەدەبە" (عەلائەدین، ۱۹۸۳، ۱۰۳). ئەمەش واتە دەربڕینی بیر و پەیام و هەست و کاریگەرییە دەرونی و هزرییەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە دنیای دەرەوە و ناوەوەی خۆی. بەشێوەیەکی باڵا، واتە بە شێواز و وێنەی جوان و جیاواز و کاریگەر، بەشێوازێك 'زمان' جیاواز لە شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی هەر زمانێك. بێگومان پێناسەی ئەدەب لای دڵدار، جیاوازە لە پێناسەکانی دیکەی ئەدەب، چونکە زیاتر گرنگی بە ناوەرۆك و بیر و پەیام 'مەعنا' و دەرخستنی هەست 'ئیحساس' دەدات، نەك فۆڕم و ڕوخسار. دڵدار دەڵێت: "ئەگەر ئەم هەستە تایبەتییە وە ئەم وێنە باڵایەت خستە ناو قالبێکی وتارەوە وە بەدیارت خستن، ئەم هەستە و وێنەیە ئەدەب، وە وتارەکانیشت ئەدەبیات، وە خۆشت ئەدیبی" (عەلائەدین، ۱۹۸۳، ۱۰۱). ئەدەب، بەشێکی گرنگ لە داهێنانە هزرییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت و ئەندێشەیەکی فراوان و قوڵی پێویستە. لە هەمان کاتدا دەربڕین و گەیاندنی ئەم داهێنانە هزری و ئەندێشەییە، کەرەستەیەکی شیاو و کارای پێویستە، کە زمانە.

## ۳.۲ زمان

زمان، بەشێکە لە بون و ماهیەتی مرۆڤ و ڕۆڵێکی یەکجار مەزن لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت، واتە بەشێکە لە مرۆڤایەتی. زمان، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری و دەرونیی ئاڵۆز، لە پێکهاتە و سروشت و ئەرکەکانیدا، دەمێکە سەرنجی زانا و فەیلەسوفان و لێکۆڵەرانی بوارە جیاوازەکانی زانستی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و بەپێی جیاوازی لە زانستەکانی سەردەم و بوار و جیهانبینیی خۆیان، پێناسەیان کردووە و لێی دواون. ئەوخاڵەی کە هەمویان لەسەری کۆکن و بنەمای سەرەکیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەرکی سەرەکیی زمان و هۆکاری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانییەتی، لەیەکترگەیشتنە، واتە گۆڕینەوەی بیروڕا و سودمەندبون لە بیروبۆچونەکانی ئەوانی دیکە، ئەوەش بە زمان دەکرێت، یاخود زمان کاراترین ئامرازی ئەم کردەیەیە. "زمان، سیستەمێکی خاوەن توانای شاراوەیە بۆ داهێنان لە ڕێکخستن و دەربڕینی بیروباوەڕەکاندا" (چۆمسکی، ۲۰۱۳، ٤۸)، چونکە "پەیوەستییەکی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و جیهانی هزر و دەرونی مرۆڤدا هەیە" (الضامن، ۱۹۸۹، ٤٠) و زمان، ڕەنگدانەوە و بەرهەمی هزر وکلتور و ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵەیە کە قسەی پێدەکەن. چۆمسکیش دەڵێت: "زمانی مرۆڤ، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی هزر و کردەی گونجاو، لە هەلومەرجی نوێدا" (چۆمسکی، ۲۰۱۳، ۳۹). دڵداریش دەڵێت: "زوبان، وەسیلەیێکە، کە ئادەمیزاد بۆ لەیەکترگەیشتن گرتۆتیە دەست" (عەلائەدین، ۱۹۸۳، ۱۰۲). 'وەسیلەیەك بۆ لەیەکترگەیشتن'، خاڵی هاوبەشی نێوان پێناسەکانە. 'شلگڵ'یش پێیوایە کە زمان توانایەکی بێسنوری هەیە لە دەربڕیندا (چۆمسکی، ۲۰۱۳، ٤۷). کەواتە مرۆڤ لە هەمو بوارێکی دەربڕیندا پێویستی بە کەرەستەیەکی کارا هەیە، کە زمانە .

## ٤.۲ زمان و ئەدەب

وەك لە سەرتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئەدەب پێکهاتەیەکی زمانییە، واتە زمان کەرەستەی سەرەکیی ئەدەبە. "هەر بەرهەمێکی هونەری، دوای چالاکییەکی داهێنەرانەی زەینی، هەوێن دەکرێ، کە ئامرازەکەشی لە زمان پێکهاتووە" (چۆمسکی، ۲۰۱۳، ٤۸). بەکارهێنانی زمان لە ئەدەبدا، بە تایبەت لە شیعردا، بەکارهێنانێکی ئاسایی و سادەی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکە نییە، بەڵکو بەکارهێنان و ڕیزبونێکی جیاوازی هەیە، کە زۆربەی بەکارهێنانەکان شکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمانن. ئەمەش بە مەبەستی دانانی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر و ئاراستەکردنیەتی بەرەو ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو. بە دەربڕینێکی دیکە مەبەست لە ئەدەبدا گۆڕینی هەڵوێستی خوێنەر و ڕازیکردن و قەناعەت پێکردنیەتی، چونکە ئەدەب هێزێکی کاریگەر و نەرمونیانی هەیە، بە شێوەیەك کە بەردەوامی و فراوانبونی پێدەبەخشێت. بێگومان دەشێ هەندێجار ئەدەب لە گۆڕینی ئاراستەی هزریی خوێنەر و گوێگرانیدا سەرکەوتوش نەبێت، بەڵام نمونەی پێچەوانەکەی لە مێژوی ئەدەبدا زۆرە.

زمان لای دڵدار، ئامرازێکی کارایە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەهایەکی بەرزی هەیە، لە دەربڕین و بنیادنانی بەرهەمەئەدەبییەکاندا. "زوبان، ئەدەب نییە، بەڵکو وەسیلەیەکە ئەدەبی پێ دیارئەخسترێ، شوێنی زوبان لە ئەدەبدا وەك شوێنی بۆیاغ لە ڕەسم و مەڕمەڕ لە هەیکەل و وە تار لە مۆسیقا وایە" (عەلائەدین، ۱۹۸۳، ۱۰۲). ئاشکرایە کە ڕۆڵی ڕەنگەکان و تەنانەت سێبەر و ڕوناکیش لە تابلۆدا و کەرەستەکانی پەیکەرتاشی و ئامێرە موزیکییەکان، بەگوێرەی قوتابخانە هونەرییەکان، لە چ ئاستێکی

گرنگ و بەرزدان، بۆیە دڵداریش 'ڕەنگ و مەڕمەڕ و ئامێری موزیك و زمان' بۆ پێکهێنان و بەرهەمهێنانی کار و بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی، وەکیەك و هاوشان دەبینێت. لە بنەڕەتدا ئەدەب و هونەر پەیوەستن بە هەستی مرۆڤەوە، 'دڵدار'یش وایدەبینێت کە "ئەدەب، بەڕاستی شتێکی سەربەخۆیە، لە مەجموعەی هەستی ئادەمیزاد هاتووتە دی". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١١). بۆیە دەڵێت: "کام زوبان زۆرترین ئیحساسی پێ بەدیار خسترابێ، ئەو زوبانە ئەدەبیاتی زۆر و کام زوبان بەرزترین ئیحساسی پێ بەدیار خسترابێ، ئەو زوبانە ئەدەبیاتی بەرزە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٣). ئەم تێڕوانینە لە زمان، دەمانباتەوە سەر تایبەتمەندییەکی زمان کە 'دیاردەیەکی تەواوە' (زیائەدین، ٢٠١١، ١٠)؛ واتە زمان دیاردەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕتییە؛ قسەپێکەرانی هەر زمانێك لە ئاست دەربڕینی هیچ چەمك و دیاردەیەکدا پەکیان ناکەوێت و دەستەوستان ناوەستن؛ بەڵکو دەتوانن بە شێوازێك لە شێوازەکانی دەربڕین باسیان بکەن .

## ٥.٢ ئەدەب موڵکی کێیە؟

ئەدەب وەك بنەمایەکی گرنگی شارستانیی گەلان و بەرهەمێکی هزریی مرۆڤ، پایەیەکی بەهێزی پێشکەوتن و پێوەری ڕادەی بەرەوپێشچوونی گەلانە. هزرێکی قوڵ و ئەندێشەیەکی فراوان، زمانێکی پێویستە کە دەربڕی ئەو وێنا و هزر و ئەندێشەیە بێت. توانا و دەوڵەمەندیی نوسەر لە فەرهەنگ و کەرەستەی زمان و لێکدانیان، بەرزی و باڵایی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەستنیشان دەکات. لەم بارەیەوە دڵدار پێیوایە کە 'ئەدەب تایبەت نییە بە کەسێك، هیچ نیشتمانێکی نییە، هەر ئادەمیزادێکی کە جەوهەری ئەدەبی تێدابێ، لای ئەوە. لە هەر شوێنێك پایەی دراببێ، لەوێندەر شانشینی ئەمری لێ دروست ئەکات. هەموو ئادەمیزادێك کەسوکاریەتی، هەموو دونیا سەراپا نیشتمانیەتی' (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٠-١٠١). واتە ئەدەب موڵکی هەست و وێنا و ئەندێشە و بیرێکی قووڵ و فراوانە، نەك زمانێك یان کەس و پێکهاتەیەکی دیاریکراو.

## ٣. بەشی دووەم

## ١.٣ پێکهاتەی زمان

زمان، وەك کاراترین ئامرازی پەیوەندی و لەیەکترگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، دیاردەیەکی فرە ڕەهەند و گشتییە، کە لە چەند دانەیەکی بچوکتر و لەیەکدانەبڕاو پێکهاتووە.

دڵدار، بە وردەکارییەکی زانستییەوە، بەپێی سەردەمەکەی خۆی، باس لە پێکهاتە و سروشتی زمان دەکات، دەڵێت: "زوبان، ئەم دەنگ و مەقتەعانەیە کە ئادەمیزاد تەلەفوزی پێ ئەکات، وە هەر چەشنە دەنگ و مەقتەعێك بۆ شتێکی زانراو وەیا ئامانجێکی مەعلوم دانراوە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٢). بە وردبونەوە لەم پێناسەیەی دڵدار بۆ زمان، ئەم سەرنجانە دەخەینەڕوو:

-دەنگ و مەقتەع: واتە دەنگ و بڕگە و وشە و لە وشەبچوکتر، کە لە زانستی زماندا بە فۆنێم و بڕگە 'لەئاستی دەنگ –فۆنۆلۆژی' و مۆرفیم 'لە ئاستی ڕێزمان - وشەسازی' ناونراون.

- ئادەمیزاد تەلەفوزیان پێدەکات: واتە ئەو دەنگانەی کە لە سیستەمی دەنگیی زمانی مرۆڤدا هەن 'فۆن'، کە لە زانستی زماندا بە دەنگە زمانییەکان ناسراون و بریتین لە سەرجەم ئەو دەنگانەی کە پێڕەوی دەنگیی زمانەکانی جیهان پێکدەهێنن.

-هەر چەشنە دەنگ و مەقتەعێك بۆ شتێکی زانراو وەیا ئامانجێکی مەعلوم دانراوە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێککەوتنێك لەسەر ناونان و هێماکانی زمانی مرۆڤ بۆ دەوروبەر، هەیە ، کە لەسەردەمی یۆنانەوە دەوترێت زمان ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە.

-هەر شتێکیش کە ڕێککەوتن یان کۆدەنگییەکی لەسەربێت، دەبێت بە سیستەم لە سنورێکی دیاریکراودا .

لێرەدا چەند پێناسەیەکی زمان دەخەینەڕوو، بێگومان چەندین پێناسەی دیکەش هەن :

أ. زمان، ڕەفتارێکی گۆکراوی تاك و کۆمەڵە، واتە ئەو گۆکراوانەن کە لەلایەن تاك و کۆمەڵەوە دەردەبڕدرێن و واتادارن (الضامن، ١٩٨٩، ١٢٩) .

ب. زمان، سیستەمێکی هێمایی دەنگیی لەخۆوەیە، بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا و هەستەکان لە نێوان کۆمەڵێکی هاوزماندا بەکاردێت. (الخولي، ٢٠٠٠، ١٢).

ج. زمان، سیستەمێکی هێمایی لەخۆوەیە، لە یەکەی بچوکتر پێکدێت، بۆ دەربڕینی مەبەستەکان و دروستکردنی پەیوەندی، لەلایەن تاکەوە بەکاردێت. (علی، ٢٠٠٤، ٢٦) .

د. زمان، سیستەمێکی دەنگییە، تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ دەربڕینی پەیوەندی و پێویستییە بەرهەست و دەرهەستەکانیان بەکاریدەهێنن. (غلفان، ٢٠١٠، ١١) .

مارتنێت دەڵێت: زمان، هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن. (فەتاح، ٢٠١١، ١١). دڵدار دەڵێت: "هەموو زوبانێك لە غایەدا یەك و لە نەوعیدا جیاوازن" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٢). واتە هەمو زمانەکان یەك مەبەست دەگەیەنن، بەڵام بە ناو و هێمای جیاواز. یەك 'بیر، پەیام، شت'، کە لە هەر زمانێکدا ناوێکی جیاوازی بۆ دانراوە. دڵدار 'ئاو' بە نمونە دەهێنێتەوە، کە یەك مادەیە، بەڵام لە زمانە جیاوازەکاندا ناوی جیاواز واتە 'هێمای جیاواز'ی بۆ دانراوە. بێگومان نمونە زۆرە بۆ سەلماندنی ئەو وتانەی کە وتران، ئێمەش نمونەیەك بۆ پاڵپشتی لە نمونە و بۆچونەکەی دڵدار دەخەینەڕوو. 'چەمکی ناسراوی'، لە هەمو زمانێکدا هەیە، ئەمە لایەنێکی گشتییە، بەڵام هێماکەی لە هەمو زمانەکاندا وەکیەك نییە و جیاوازە، ئەمەش لایەنی تایبەتە. مۆرفیمی ناسراوی لە زمانی کوردیدا 'هکە'یە و دەکەوێتە کۆتایی ناوەکەوە، لە زمانی عەرەبیدا 'ألْ' ە و دەکەوێتە سەرەتای ناوەکە، لە زمانی ئینگلیزیدا 'The' یەو مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و لە پێش ناوەکەوە دێت... ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە 'لە غایەدا یەك و لە نەوعیدا جیاوازن .'

## ٢.٣ ئەرکەکانی زمان

ئەم دیاردە چڕ و ئاڵۆزە 'زمان'، لە هەمو ژیانی مرۆڤدا بەشدارە و ڕۆڵی کارا و بەرچاو دەبینێت. دیارە ئەم باسە شوێنی باسکردنی گشت ئەرکەکانی زمان نییە، بەڵام دەشێ ئەوەندە بوترێ کە ئەرکەکانی زمان، بە شێوەیەکی گشتی، بریتین لە:

**١.** ئەرکی گەیاندن و بەخشینی زانیاری: هەمو ئەو ڕستە و دەربڕینە هەواڵییانە دەگرێتەوە کە ڕۆژانە ئاخێوەرانی زمان، بۆ گەیاندنی بیر و زانیاری و هەواڵەکان دەریاندەبڕن .

**٢.** ئەرکی وەرگرتنی زانیاری: هەمو ئەو ڕستە پرسانە دەگرێتەوە کە قسەکەر بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەك ئاراستەی کەسانی دەوروبەری دەکات.

**٣.** ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان 'جێخۆشکردن': هەمو ئەو دەربڕین و ڕستانە دەگرێتەوە کە تاك بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی و ئەندامێتیی خۆی لە ناو گروپ و کۆمەڵدا

دەریاندەبڕێت.

**٤.** ئەرکی یاسایی 'ڕاپەڕاندن': ئەو ڕستە و دەربڕینە تایبەتییانە دەگرێتەوە کە بۆ ئەنجامدانی چەندکارێك دەردەبڕرێن، کە تەنیا بە زمان جێبەجێ دەکرێن.

**٥.** ئەرکی هاوکاریکردن و زاڵبون بەسەر ژینگە و دەوروبەردا 'داوا و فەرمانکردن': مەبەست لەو ڕستە و دەربڕینانەن کە ئاخێوەر بە مەبەستی داواکردن یان فەرمانکردن ئاراستەی کەسانی دیکەی دەکات، بۆ ئەنجامدانی کارێك یان بە پێچەوانەوە.

**٦.** ئەرکی دەرونی و سۆزداری 'هەستدەربڕین': بریتین لەو ڕستە و دەربڕینانەی کە ئاخێوەر یا نوسەر هەستەکانی خۆی تێدا دەردەبڕێت و بە گوێگر و خوێنەرانی دەگەیەنێت.

**٧.** ئەرکی کارتێکردن و ڕازیکردن 'هەست وروژاندن': بریتین لەو دەربڕین و ڕستانەی کە ئاخێوەر یان نوسەر دەریاندەبڕێت بەو مەبەستەی کە هەستێکی جیاواز لە گوێگر یان خوێنەرەکەیدا دروست بکات و دواتر بەرەو ئامانجێك ئاراستەی بکات. (فەتاح، ٢٠١١، ٣١ - ٣٨)، (زیائەدین، ٢٠١١، ١٥ - ١٩).

گومان لەوەدا نییە کە زۆربەی دەربڕینەکانمان زیاتر لە ئەرکێك بەجێدەگەیەنن، بەڵام هەژمونی یەکێك لە ئەرکەکان بەسەر ئەوانیدیدا زاڵە. ئەوەی کە زیاتر پەیوەستە بە سروشتی ئەدەبەوە؛ ئەو ئەرکانەن کە تایبەتن بە هەست، چونکە ئەدەب، بەشێوەیەکی گشتی، گوزارشت لە هەست دەکات و مەبەستیەتی کاریگەری و هەژمونی بەسەر هەستی ئەوانی دیکەدا هەبێت و هیچ پەیامێکیش نییە، کە هەڵگری بیرێك نەبێت.

هەستدەربڕین لە زماندا، واتە پیشاندان و دەرخستنی بیروباوەڕ و تێڕوانین و ئارەزوی قسەکەر، بەرامبەر بە خەڵك و دیاردەکانی دەوروبەر، واتە ئاخێوەر یان ئەدیب دەیەوێت هەست و تێڕوانین و جیهانبینی خۆی، سەبارەت بە دەوروبەر یان دیاردەیەکی دیاریکراو، بە گوێگر و خوێنەرانی بگەیەنێت. بێگومان زمان کەرەستە و ئامرازێکی گونجاو و کارای دەربڕینی هەست و سەرسامی و تێڕوانین و جیهانبینی مرۆڤە.

زمان، بەرهەمێکی هزرییە و ڕەنگدانەوەی سیماگشتییەکانی هزر و تێڕوانین و جیهانبینی ئاخێوەرانیەتی. هەروەها زمان، لە خۆخاڵیکردنەوە و خستنەڕوی باری دەرونیی مرۆڤدا، ئامرازێکی شیاو و گرنگە. 'دڵدار'یش پێیوایە کە "زوبان، زانستی ئادەمیزاد لە شت و ماخولیای دەرونی خۆی ئاشکرا دەکات" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٢). واتە زمان ئەو ئامرازەیە، کە مرۆڤ لەڕێگەیەوە دەتوانێت هەمو زانیارییەکانی خۆی، سەبارەت بە دەرەوە و ناوەوەی خۆی، بخاتەڕو. لە کار و بەرهەمی ئەدەبیشدا، شاعیر یان نوسەر هەوڵدەدات، بە پێی توانا و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی، جوانترین و پڕماناترین و ناسکترین هەست و ئەندێشە و بیری خۆی، لە ڕێگەی وێنەیەکی هونەرییەوە، کە لە چەند وشە و دەربڕینێك پێکهاتووە، دەربڕێت و بیخاتەڕو. 'دڵدار'یش دەڵێت: "هەر کەسە هەستی خۆی لەسەر کاغەز دادەنێ" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٤). لەم وتەیەی دڵداردا 'هەست'، بە واتای بیر و هەست 'شعور' و وێناکردن و جیهانبینی و ئەندێشەی نوسەر دێت، هەر خۆیشی دەڵێت: "ئەدەب، وەکو باقی فەننەکانی تر، موشتەرەکە لە ئیحساساتی ئادەمیزاد" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١١).

### ٣.٣ داهێنان لە ئەدەبدا

بەپێی ئەوەی کە کەرەستەی سەرەکیی ئەدەب زمانە و هەمو بیر و پەیامێك پێویستە بخرێنە ناو بۆتەیەکی زمانییەوە؛ بۆیە بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەرهەمێکی زمانین، چونکە پێکهاتەیەکی زمانییان هەیە. هەمو داهێنانێکیش 'لە ئەدەبدا'، بەو مانایە دێت کە وێنەیەکی تازە بەرهەم بهێنرێت، جیاواز لە ڕابردو. واتە بەکارهێنان و لێکدانی کەرەستە زمانییەکان 'لە پەیوەندیی تەك نشینی و جێنشینیدا'، بە شێوەیەك بێت کە لە ڕابردودا وێنەی نەبێت. "وشەیەك، هاوڕێیەکەی خۆی دەگۆڕێتەوە، یان لەگەڵ وشەیەکدادێت، کە لەمەوپێش ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبووە" (فەتاح، ٢٠١٠، ٤١٩). بۆیە دەتوانرێ بوترێت: هەمو داهێنانێکی ئەدەبی 'مەبەست لە شێوازی بەکارهێنانی زمانەکەیە'، لە بنەڕەتدا، داهێنانێکی زمانییە. ئەمە جگە لەوەی کە زمان خۆی داهێنانە؛ مرۆڤ، لە ژمارەیەکی کەمی کەرەستە؛ ژمارەیەکی یەکجار زۆر و هەندێجار بێکۆتا، یەکەی جیاوازی زمانی بەرهەمدەهێنێت. چۆمسکی پێیوایە، سیستەمی زمانی مرۆڤ سیستەمێکی کراوەیە، ئەمەش یارمەتیی ئاخێوەرانی دەدات کە ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە بەرهەم بهێنن و تێشیان بگەن، ئەمەش داهێنانە. (عون، ٢٠٠٥، ٥٧). بە دەربڕینێکی دیکە، ژمارەی فۆنیمەکانی هەر زمانێك سنوردارە و یاساکانی لێکدان و بەرهەمهێنانی وشە و یەکەی واتایی سنوردارە و یاسا ڕێزمانییەکان سنوردارن، بەڵام ژمارەی ڕستە لە زماندا بێکۆتایە، ئەمەش داهێنانە لە زماندا، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان. هەرچەندە داهێنانی ئەدەبی، بەشێوەیەك لە شێوەکان، جیاوازە لەو داهێنانەی چۆمسکی؛ چونکە ئەمە بەزاندن و لادانە لە یاسا زمانییەکان 'واتا و ڕێزمان'، کە تایبەتە بە توانا و شارەزایی ئەدیب و نوسەران. گەر زمانی شیعر بە نمونەیەك لە زمانی ئەدەب وەربگرین، کە زمانێکی ڕەسەنە و پڕە لە داهێنان، دەبینین کە داهێنان لە شیعردا بە یەکێك لەم دو ڕێگایە یان هەردوکیان دێتە ئاراوە:

**١.** جێبەجێکردنی تەواوی یاسا زمانییەکان لە گشت ئاستەکانی زماندا.

**٢.** یاخود بەزاندنی یەکێك یان زیاتر لەم یاسایانە، لە هەر ئاستێکدا بێت. پێویستە ئەمەش بوترێت کە ڕەسەنی و داهێنان بەیەکەوە، زمانی شیعریان گەیاندۆتە لوتکەی ئاڵۆزی و ئاوێتەیی. (فەتاح، ٢٠١٠، ٤٢٩). هەروەها مەرج نییە هەمو جارێك لادانی زمانی داهێنانی لێبکەوێتەوە، بەڵام هەندێجار بەرزاندن و شکاندنی یاساکانی زمان، داهێنانە بەتایبەت لە شیعردا.

یەکێك لە دیاردە هەرە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکانی زمان، کە یەکێکیشە لە هۆکارەکانی ئاڵۆزیی زمان، ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بەردەوام واتا و بیری نوێی نەبیستراو و نەزانراوی پێ دەربڕێت و تێشیان بگات، هەر بەو کۆمەڵە وشانەی کە لە فەرهەنگی مێشکیدا هەن. (ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٠٩).

زمان، ئامرازێکە بلیمەتان و بەهرەمەندانی هەر میللەتێك، بۆ نیشاندان و خستنەڕوی داهێنانەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن، جگە لە بەکارهێنانی ئاسایی و ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکە. زمان، لەسەر دەستی کەسانی داهێنەر و بلیمەت پێشدەکەوێت و گەشەدەکات، چونکە یەکێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان کەسانی ئاسایی و کەسانی داهێنەر لە ئەدەبدا، شێوازی بەکارهێنانی زمانە. کەسانی ئاسایی، بەوشێوە ئاساییە زمان بەکاردەهێنن کە پێیانگەیشتووە، بەڵام کەسانی داهێنەر و بلیمەت لە ئەدەبدا، زمان بەپێی سروشتی زیرەکیی خۆیان بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك لەگەڵ بەهرە و داهێنانەکانیدا گونجاو بێت. (لطفی، ١٩٨١، ١٩٥). واتە بە شێوازی تایبەتیی خۆی و هزر و جیهانبینیی خۆی زمان بەکاردەهێنێت، چونکە "هەر جۆرە داهێنانێکی هونەری، پەیوەندی بە لایەنی داهێنەرانەی زمانەوە هەیە" (چۆمسکی، ٢٠١٣، ٤٨ - ٤٩). 'شلگل'یش دەڵێت: "زمان، سەرسوڕهێنەرترین توانای داهێنانی ئەدەبیی یا شاعیرانەی مرۆڤە (چۆمسکی، ٢٠١٣، ٤٦).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp1-8

کەرەستەکانی زمان، بەشێوەیەکی گشتی لەبەردەستی ئاخێوەرانی زمانەکەدایە، بەڵام هەمویان وەکویەك بە یەکسانی کەرەستە زمانییەکان بەکارناهێنن، لێرەوە شێوازی تایبەت دێتەئاراوە، کە بریتییە لە چۆنیەتیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان بۆ دەربڕینی بیرێکی دیاریکراو. 'شاعیرێك، جوانترین و ناسکترین ئەندێشە و مانا، کە کەس بە خەیاڵیدا نەهاتبێ، دەخاتە ناو بۆتەی چەند وشەیێك، کە هەمومان دەیەها جار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین' (ئەمین، ٢٠٠٤، ٢١٠). بۆیە وێنەی شیعریی شاعیران لەیەکتر جیاوازن، گەر بۆ هەمان بیر و مەبەستیش بێت. "گرنگترین تایبەتی وشەی شیعری لەوەدایە، کە بە پێچەوانەی وشەی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە دەتوانێ بە پێی بۆنە و لە هۆنراوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، یەکێك یان زیاتر لە سیماکانی بگۆڕێت. دەشتوانێ سیمایەکی گرنگی وشە فڕێ بدات و ڕۆشنایی و هێزی بخاتە سەر سیمایەك یان چەند سیمایەکی لاوەکی" (فەتاح، ٢٠١٠، ٤٢٧).

ئەوەی جێگای سەرنجە، دڵدار، لەم سێ بەرهەمەیدا 'زوبانی کوردی و ئەدەبیات، ئەدەب بە خواری تەماشا ئەکرێت، نوسینی کوردی'، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی 'داهێنان، ابداع، نوێ، تازە'، ناهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە داهێنان دەکات و بڕوای پێی هەیە. لە چەند شوێنێکی ئەم بەرهەمانەدا دەڵێت: "هەرکەسێك گەر سەرنج و هەستی خۆی، لە حالەتێکی موعەیەن، توانی بە ڕازاوەوە بیهاوێتە بەرچاوی خەلقیتر؛ ئەوکەسە ئەدیبە و نوسینەکەشی ئەدەبیاتە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٨). لێرەدا (ڕازاوە) بە واتای شێوازێك کە لە شێوازی کەسانی دیکە و پێشخۆی جیاوازبێت، ئەمەش جۆرێکە لە داهێنان. هەروەها ئەم وشە و دەربڕینانەی زۆر بەکارهێناوە: 'ئەدەبیاتێکی زۆر بەرز، قەسیدەی جوان، شیعری بەرز، ڕوحی ئەدەبیات، جوانترین ئەدەبیات، ئیعجازی ئەدەبی و ...'. هەمو ئەمانە بەڵگەن بۆ گرنگیدانی دڵدار بە داهێنان لە زمان و ئەدەبدا. کاکەی فەلاحیش دەڵێت: "دڵدار، خاوەندی بەهرە و توانا یێکی شاعیرانەی وا بووە کە بەوە ڕازی نەبێت لە بەرگی کۆت و بەندی شیعری چاولێکەریدا بمێنێتەوە، بەرەو ئاسۆی گەش و ڕۆناکتر هەنگاوی ناوە و ڕێگای تاقیکردنەوە و داهێنانی گرتۆتەبەر و بایەخی بە لایەنی هونەریی شیعر و زمان داوە و بە ئاشکرا لەم قۆناغەدا تابلۆی هەست و وێنەی ڕەنگینی نوێی پێوە دەبینین" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٦٨).

## ٤. بەشی سێیەم

### ١.٤ نوسین

نوسین، وەك داهێنانێکی مەزنی مرۆڤ بۆ پاراستنی بیر و داهێنان و شارستانیەتی خۆی و کۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و خستنەڕوی پلانەکانی داهاتو، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشخستنی زمان و ئەدەب و کۆمەڵ بە گشتی دەبینێت. ڕەنگە ئەم باسە کات و شوێنێکی گونجاو نەبێت بۆ باسکردنی مێژوی نوسین و گرنگیی نوسین، بەڵام بە درێژایی مێژوی نوسین، چۆنیەتیی نوسین یان شێوازی نوسین، خەمێکی گەورەی ڕۆشنبیرانی هەر گەلێك بووە، بە تایبەت گەلانی هاوشێوەی کورد؛ لەباری نەبونی کیانێکی سیاسی و نەبونی پلانێك بۆ ستراتیجیەتی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو، بەئێستاشەوە، کە بە بۆچونی ئێمە لە نوسینی یەکگرتووەوە هەنگاودەنێت.

لە دۆخێکی وەك دابەشبونی سیاسی و جوگرافی و ئایدیۆلۆژیی کورد و لە ئێستاشدا دابەشبونی ئیداری و کێشەی ناوچەگەری و شارچێتی و زارچێتی و هاتنەناوەوەی وشەی بیانی بەلێشاو و نەبونی دەزگایەکی کارای تایبەت بە زمانی کوردی و دانەنان بە ئەدەبیات و قوتابخانە ئەدەبییەکانی یەکتری و قوڵبونەوە و دابەزاندنی کێشە سیاسییەکان بۆ ناوکایەی زمانی و گاڵتە و نوکتەکردن لەسەر زار و شێوەزارەکانی دیکە و تێڕوانین لە زمان لە ڕوانگەی ناوچە و شێوەزار لەبری تێڕوانینی وەك ناسنامەی نەتەوە و ... هتد. ئەمانە گشتیان ڕێگرن لە ڕێککەوتن لەسەر شێوازی نوسین و دواتریش دانان بە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو.

بێگومان زمانی نوسین 'ئەدەبی'، شێوەیەکی باڵای زمانەکەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن نوسەران و شاعیران و ڕەخنەگران و زمانزانان و ... هتد ی هەر گەلێك بەکاردێت، جیاواز لەو شێوە زمانەی کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکە لە ماڵ و بازاڕ و شوێن و بۆنەگشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت. دڵدار، هەردو جۆری زمانەکە 'شێوازەکە' جیادەکاتەوە و بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکات:

**١.** لوغەتی شەعبی —عامە -شێوەی پێ دوان.

**٢.** لوغەتی ئەدەبی —خاسە -شێوەی پێنوسین. (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٤) .

پێیوایە کە نوسین 'ئەدەب'، زمانێکی باڵایە و بە قاڵبێکی جیاوازی دادەنێت، بە بەراورد لەگەڵ قاڵبی ئاخاوتنی ڕۆژانە. دەڵێت: "ئەگەر ئەم هەستە تایبەتییە وە ئەم وێنە باڵاییەت خستە ناو قاڵبێکی وتارەوە ..." (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠١). 'وێنەی باڵا لە قاڵبی وتاردا'، واتە خستنەڕوی هەست و وێنا و تێڕوانینی نوسەر لە بۆتەی نوسینێکی ئەدەبیدا کە جیاوازبێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، ئەمەش بە دەربڕینی هونەری و ئەندێشەی قوڵ و فراوان و بەکارهێنانی سیما واتاییەکانی وشە بە شێوەیەکی جیاواز و لێکدانی کەرەستە زمانییەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە دەربڕینی کەسانی ئاسایی دێتەکایەوە. دڵدار، بۆ سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکەی خۆی دەڵێت: "نوسین هونەرێکی باڵایە". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦) .

مەبەستمان لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتو، ئەو شێوە زمانەیە کە ئەندامانی پێکهاتەیەک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو لە سنوری وڵاتێک یان دەسەڵاتێکی دیاریکراودا، لە بوارەکانی خوێندن و نوسین و کارگێڕی و دامودەزگا فەرمییەکاندا بەکاریدەهێنن و کۆدەنگییەکی گشتیی لەسەرە.. ئەو زمانە، وەك زمانحاڵی دەسەڵات و زمانی خوێندن و نوسین لە گشت بوارە ئەدەبی و فەرمی و کارگێڕییەکاندا، هۆکارێکی شیاوی سەپاندنی هەژمونی دەسەڵات و پایەکانیەتی.

### ١.١.٤ نوسین بە کوردیی پەتی

دەوڵەمەندی و هەژاریی فەرهەنگی زمان، لە لایەنی وشە و زاراوەی ڕەسەنی زمانەکەوە، هۆکارێکە بۆ کەمی و زۆریی وشەی بیانی لە ناو زمانەکەدا، بەڵام هۆکاری یەکلاکەرەوە نییە. بەهۆی کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتری، بە چەندین هۆکاری 'جوگرافی، ڕامیاری، ئاینی، مێژویی ...'، هەمو زمانێك، بە ڕێژەی جیاواز، وشەی لە زمانەکانی دیکە وەرگرتووە و پێشی بەخشیون. لە ئێستای زمانەوانیدا ئەوە یەکلا بۆتەوە کە هیچ زمانێك بە ڕێژەی '١٠٠%' پەتی نییە، 'هیچ زمانێکی ئەدەبی نییە کە هەزاران وشەی بێگانەی تێدا نەبێت' (سابیر، ٢٠١٤، ١٣١). دڵدار، تێڕوانینێکی زانستییانەی بۆ ئەم مژارە هەیە؛ دانانی فەرهەنگێکی کوردی بە بنەما و سەرەتای دەستپێکردنی کردەی نوسینی کوردی دادەنێت و پێیوایە بەکارهێنانی وشەی بیانی، لە نەبونی وشەی کوردیدا و بە ڕێژەیەکی سنوردار، کارێکی ئاساییە. هەروەها نوسین بە کوردیی پەتی بەشێوەیەك کە هیچ وشەیەکی بیانی تێدا بەکارنەیەت؛ کارێکی ئاسان نییە و بە شۆڕشێکی گەورەی دادەنێت. دڵدار دەڵێت: "نابێ ئێمە زۆر زۆر بە کوردییەکی پەتی بنوسین، چونکە بۆ ئەم ئینقیلابە گەورەیە ئامادە نەبووین، هێشتا

هەرچییەکی کە پێویستی ئەم کارە بێ، نەمانکردووە کە فەرهەنگێکی کوردییە". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٣). ئەوەتا نزیکەی نیوسەدە دواتر جەخت لەسەر هەمان بۆچون دەکرێتەوە، "بەبێ فەرهەنگۆکێکی گەورە و چەند فەرهەنگۆکێك، زمانەکە ناتوانرێ زانستەکانی پێ تۆمار بکرێت" (فەتاح، ٢٠١٠، ٣٥٧). لەگەڵ ئەوەشدا دڵدار پێیوایە، کە بەکارهێنانی وشەی بیانی، بە ڕێژەیەکی زۆر، کارێکی شیاو نییە و زیان بە خوێنەر و بەرهەمەکە و زمانەکەش دەگەیەنێت. "نابێ نوسەر کەلیماتی عەرەبی و فارسی بە ڕادەیەك بەکاربهێنێ کە خوێندەواری کورد بهاوێتە سەر تەماشاکردنی فەرهەنگی ئەم دوو زمانە و گێرە و کێشە". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٣) .

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، نایشارێتەوە کە پێویستە هەوڵ بدرێت فەرهەنگی زمان لە وشەی بیانی پاك بکرێتەوە و هەوڵی داڕشتنی وشەی نوێ بدرێت، بەڵام بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و بە بەرنامە و پلە بە پلە. "پێویستە کە بەرە بەرە نوسینی کوردی بەرەو خاوێنی و لە کەلیماتی بێگانە پاك کردنەوە بڕوێندرێت، کە ئەمەش بە ساڵێك و دوو ساڵ و سێ ساڵ پێك نایێت". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٣).

## ٢.٤ دڵدار و شێواز

شێواز، واتە چۆنیەتیی هەڵبژاردن و بەکارهێنان و ڕیزکردنی کەرەستەزمانییەکان بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو. واتە 'توانای هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییە دیاریکراوەکانە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو'. (ئەحمەد، ٢٠٠٢، ١٨). ئەدیب، کامە وشە و کەرەستەی زمانی هەڵدەبژێرێت و چۆن لێکیان دەدات و ڕیزیان دەکات بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بە خوێنەر، بە شێوەیەك کە توانا و کارامەییی خۆی دەربخات و کاریگەرییش لەسەر خوێنەر دابنێت، بەشێوەیەك کە ئەو 'وێنە باڵاییە' بێت کە دڵدار باسی دەکات. لە بارەی شێوازەوە، دڵدار، بە 'ئوسلوبی وتار' (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٤) ناوی دەهێنێت، کە مەبەستی لە ڕیزبونی کەرەستە زمانییەکانە.

لە سەردەمی دڵداردا، هەندێ گرفتی نوسین لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ئەوکاندا هەبوە و دڵدار ڕەخنەی لێگرتووە، کە ئێستاش، لە سەدەی بیست و یەکدا، لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و تەنانەت لە هەندێ نامەی ئەکادیمی کوردیدا هەن. دەڵێت: "گەورەترینی ئەم پەشمانە (عیوب)، پەشمی پاش و پێش کردنی (مبتدأ و خبر)ی جوملەیە، پێش و پاش کردنێکی وها کە نەك بڵێم ڕەونەقی نوسینەکانیانی بردووە، بەڵکو لە شێوەی وتاری کوردی شۆڕاندووە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٥). نوسینی ئەم ڕەخنەیە لە سەردەمێکدایە کە زۆربەی خوێندەوار و نوسەرانی کورد لەژێر کاریگەری و هەژمونی و خوێندن و نوسینی زمانی عەرەبی و فارسیدابون، گرفتەکە لە ئێستادا یە کە ڕیزبونی کەرەستە لە ڕستەدا، بە تایبەتی ڕیزبونی دیارخەر و دیارخراو، کێشەیەکی نوسینی کوردیمانە، کە ڕۆژانە دەبیسترێن و دەبینرێن. بۆنمونە :

- ئاوی ژینی کانزایی. ڕاستتر وایە کە بنوسرێت: ئاوی کانزاییی ژین.
- خوێندنگای کۆیەی نمونەیی. ڕاستتر وایە کە بنوسرێت: خوێندنگای نمونەییی کۆیە .

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە بەشێکی ئەم گرفتانە پەیوەندییان بە توانای نوسەر و ئەدیبەوە هەیە، کە هەموان وەکیەك نین و ئەمەش جیاوازیی شێواز بەرهەم دەهێنێت، کە دەشێ نمونەیەك، بۆ هەمان مەبەست، لە نوسینەکەی دڵدار وەربگرین. دڵدار دەڵێت: "نابێ ئێمە زۆر زۆر بە کوردییەکی پەتی بنوسین...". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٣). هاتنی ڕادەی (زۆر زۆر) لەم ڕیزبونەدا زۆر گونجاو نییە:

**١.** ڕیزبونی دوجار ڕادە بەدواییەکدا، یەکێکیان بۆ جەختکردنەوەیە زیاتر شێوەیەکی ڕەهای وەرگرتووە، بە بۆچونی ئێمە زیادە. 'نابێ ئێمە بە کوردییەکی زۆر پەتی بنوسین'.

**٢.** کاریگەریی لەسەر واتای ڕستەکەش هەیە، پەسەندتر و شیاوتر بو گەر ڕیزبونەکە بەم شێوەیە بوایە 'نابێ ئێمە بە کوردییەکی زۆر زۆر پەتی بنوسین'.

## ٣.٤ زمانەوانیی بەراوردکاری

زمانەوانیی بەراورد، لقێکە لە زمانەوانیی تیۆری و بەراوردی نێوان دو زمان یان دو کۆمەڵە زمان یان زیاتر دەکات، لە ئاستەجیاوازەکانی زماندا. "زمانەوانیی بەراوردکاری Comparative Linguisticsلقێکە لە زانستی زمان، کە لە دوو زمان یان زیاتر دەکۆڵێتەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە جۆری زمانەکان. واتە پۆل کردنی زمانەکان لەسەر بنەمای جۆرەکانیان، نەك لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی و پەیوەست بوونیان بە ناوچەیەك یان شوێنێك" (سەعید، ٢٠١١، ١١ -١٢) .

دڵدار، مەبەستی نەبوە بە ناوی بەراوردکارییەوە کاری زمانەوانی یان ئەدەبی بکات، 'بێگومان لەو وتارانەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەمان تێدا کردوون'، بەڵام پێویستیی سەردەمەکە و ڕونکردنەوەی هەندێك بابەت وای خواستووە کە لایەك لەم بوارەش بکاتەوە و بە شێوەیەکی سادە بەراوردێکی ڕستەسازییانەی زمانەکانی 'کوردی – عەرەبی'، 'کوردی – تورکی' کردووە، لە چۆنیەتیی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەدا. نوسیویەتی "هەموو زوبانێکی گەلانی سەر زەمین لەگەڵ یەکتردا زۆر لە یەکتر جیاوازن، جیاوازیی ئەم زوبانانە هەروا نەبێ لە کەلیماتدا جیاوازبن و بەس، بەڵکو لە ئوسلوبی وتاریشیاندا جیاوازییان هەیە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٤). بە لێکدانەوەی ئێمە، مەبەست لە 'ئوسلوبی وتار' چۆنیەتیی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەیە، کە ڕستەسازی لێیدەکۆڵێتەوە.

شایانی وتنە کە ئەم سێ زمانە 'کوردی، عەرەبی، تورکی'، لە پۆلێنی مۆرفۆلۆژیی زمانەکاندا، هەریەکەیان سەر بە کۆمەڵەیەکی زمانیی جیاوازن. هەروەها لە پۆلێنی ڕستەسازیی زماندا، هەریەکەیان سەر بە جۆرێکی تایبەتی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەن. لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی پەیوەندی و خزمایەتیی زمانەکان دیسانەوە هەریەکەیان سەر بە خێزانێکی زمانیی جیاوازن؛ زمانی کوردی هیندۆ ئەورووپییە و زمانی عەرەبی سامییە و زمانی تورکی ئۆڕاڵ- ئاڵتایی – تاتارییە (شوانی، ٢٠٠٨، ٤٥، ٥٢). دڵدار، ڕستەی (ئەچمە مەکتەب)ی کردووە بە نمونە و لە هەرسێ زمانەکەدا شێوەی ڕیزبونی کەرەستەکانی بەراوردکردووە و جیاوازییەکانی ڕیزبونی دەرخستون.

لە وتاری 'زوبانی کوردی و ئەدەبیات'دا، بە شێوەیەکی دیکە، بەراوردێکی زمانی لە نێوان زمانەکانی 'کوردی- فارسی' و 'کوردی- تورکی'دا کردووە، بەڵام بە کەرەستەی ئەدەبی، کە هۆنراوەکانی 'خیام، سەعدی، حافز، نامیق کەماڵ' ی بە نمونە هێناوەتەوە و هۆنراوەکانیشی بە کوردی داڕشتۆتەوە، (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٠ - ١٠٦)، بە مەبەستی دەرخستنی توانای زمانەکان لە دەربڕین و باسکردنی چەمك و بیر و هەست و وێنەکاندا. دڵدار، لەسەر بنەمای خزمایەتی لە خێزانی زمانی و لێکچون و هاوبەشی لە کەرەستە زمانییەکاندا، بەراوردی نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوبەشیی 'جوگرافی و مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی' ی نێوان گەلانی کورد و عەرەب و تورك، بەراوردی کردووە و بە 'پێك گرتن' ناوی بردووە. ئەوەتا دەڵێت: "پێویستە کە زوبانێك بکەینە مایەی پێك گرتن کە لە حەوادیسی تەئریخی و سەقافەت و دین لەگەڵ کورد موشتەرەك بێ، کە ئەویش زوبانی دراوسێیەکانیەتی، ئەوانیش عەرەبی، تورکی، فارسییە". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٣ - ١٠٤).

مەبەستی دڵدار لەم بەراوردکردنانە، دەرخستنی توانای فەرهەنگی و ڕستەسازیی زمانی کوردی بووە، کە دەشێ هەنگاو و میتۆدی کارەکەی لەگەڵ ڕێبازە زمانەوانییەکانی ئێستادا زۆر کۆك نەبێت، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی کارێکی سەردەمییانە و تازە بووە. ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە لەم کارەی دڵداردا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بابەتییانە و زانستییانە بڕیار دەدات، نەك بە شێوەیەکی خودی و لایەنگیر و نەتەوەپەرستانە، ئەمەش بنەمایەکی گرنگی کاری زانستییە. دەڵێت: "ئەشێ ئەم وشەیە فارسی بێ، کورد وەری گرتبێ و ئەشێ کوردی بێ و فرس وەری گرتبێ. کام لا زوبانیان کۆنتر بێ ئەوی تازە لە کۆنەکە وەری گرتووە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١٠٤). ئەمە گەڕانەوەیە بۆ مێژو، بۆ یەکلاکردنەوەی کۆنیی زمانەکان نەك هەست سۆز و بڕیاری تاکەکەس.

## ٤.٤ وەرگێڕان

دڵدار، هەر لە میانەی شێوازی نوسیندا "ئوسلوبی وتار"، بە چەند دێرێك باس لە وەرگێڕان دەکات. دیارە لێرەدا باس لەو بەرهەمە وەرگێڕراوانە ناکەین کە دڵدار لە زمانانی دیکەوە وەریگێڕاون، بەڵام تێڕوانینی دڵدار بۆ وەرگێڕان، بەکورتی، باس دەکەین .

نیدا Nida دەڵێت: وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ، لە پێشدا باری واتا و پاشان لە باری داڕشتنی شێوازەوە. (عەللاف، ٢٠٠٩، ١٨). لە وەرگێڕاندا پێویستە کاریگەریی دەقی نوسراو، لە هەمو ئاستەکانی وشە و ڕستە و واتادا، لە دەقی وەرگێڕراودا دەربکەوێ.

سەبارەت بە وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانی بیانییەوە بۆ کوردی، دڵدار، دەڵێت: "ئەم برایانەی کە باسێك لە زوبانی لاییدەوە (ئەجنەبی) وەر ئەگێڕێتە سەر کوردی، پیت پیت ئەم باسە ئەکانە کوردی، وانەبێ کە شێوەی جارانی هەڵبوەشێنێ لە پاشان بە شێوەی کوردی دای بمەزرێنێ و دای بڕژێنێ. کە ئەمەش زۆر پێویستە وابی، چونکە هەروەکو باسمان کرد، شێوەی پێ نوسینی هیچ زوبانێك بە ئەوی تر ناچی". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٥ - ١١٦). 'پیت پیت'، مەبەستی لە ڕێبازی 'وشە بە وشە'یە 'الترجمة الحرفية'، کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی وەرگێڕان، کە خراپترین و کۆنترین ڕێبازی وەرگێڕانە؛ واتای دەستەواژە و ڕستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێنەوە وەکو خۆیان، بە هەمان ڕیزبونەوە. زۆربەی تیۆرەکان لە زانستی وەرگێڕاندا جەخت لە بەکارنەهێنان و دورکەوتنەوە لەم ڕێبازە دەکەنەوە. (عەللاف، ٢٠٠٩، ٨٨). هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەقەکە و جارێکی دیکە داڕشتنەوەی بە شێوازی ڕیزبون و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، واتای پەسەندکردنی ڕێبازی واتایی لە وەرگێڕاندا دەگەیەنێت، لە لایەن دڵدارەوە.

## ٥.٤ بەرپرسیارێتیی گۆڤار و نوسەران بەرامبەر بە زمان لە دیدی دڵداردا

### ١.٥.٤ نوسەران

دڵدار، ڕاستەوخۆ ناوی زمانی یەکگرتو، یان ستاندارد ناهێنێت، بەڵام زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسینی لەیەك جیاکردۆتەوە، هەروەها هەمو نوسینەکانی سەبارەت بە زمان و ئەو هەوڵانەی کە داویەتی، ئەو ڕەخنانەی خستونیەتەڕو، لە باسی 'لوغەتی ئەدەب'دا، چەمك و بیرۆکەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتو یان زمانێکی ستانداردی لە پشتەوەیە. بۆ ئەمەش نوسین و بڵاوکراوە و نوسەران بە بنەما و دەستپێکی ئەم کردەیە دەبینێت.

یەکێك لە ڕێگاکانی دروستبونی زمانی ستاندارد، بونی ئەدەبێکی باڵا و نوسراوە. ئەوەی دڵدار پێشنیازی دەکات و هیوای بۆ دەخوازێت و داوا لە نوسەرانی کورد و گۆڤاری گەلاوێژ دەکات، هەنگاونانە بەرەو ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، کە بنەمای زمانی ستانداردی کوردییە. دڵدار پێیوایە: "لە هەموو زوبانێکی سەر زەمینا، نوسەر شێوەی پێ نوسینی زوبانەکانیان داناوە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٤). واتە ئەرکی نوسەران و ڕۆشنبیران لەم کردەیەدا، کارێکی سانا و ئاسان نییە، پێشڕەوی و پێشەوایەتی لە زماندا بۆ ئەوانە.

پڕکردنەوە و چاککردنی کەموکورتییەکان لە شێوازی نوسینی زماندا، لە دیدی دڵدارەوە، ئەرکێکی هەنوکەیی و گرنگی نوسەرانە، چونکە نوسین و زمانی ئەدەبی و ئەدەبیات کردەیەکی بەردەوامە؛ ئەمڕۆ بناغەیە بۆ سبەی و سبەی بناغەیە بۆ دواتر، بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمڕۆ بەرهەمی دوێنێیە و سبەی بەرهەمی ئەمڕۆ. ئەو کارانەی کە ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێن و ئەو هەنگاوانەی ئەمڕۆ دەنرێن، ئەرکی سەرشانی نەوەی دادێ سوکتر و جیاوازتر دەکات و بە پێچەوانەشەوە. بۆیە دەڵێت: "نوسەرانی ئێمڕۆ، مامۆستایانی نوسەرانی بەیانین، گەر ئەمانە ئێستا لە کەل وکۆمیدا نوسین خاوێن نەکەنەوە؛ ئەوان ئەم بارە گرانەیان ئەکەوێتە سەرشان" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦)، تەنانەت ئەرکەکە چڕتر دەکانەوە و بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆیان، بەوەی کە ئەگەر ئەم ئەرکە جێبەجێ نەکەن "نوسەرانی ئێمڕۆ، بەرامبەر ڕۆڵانی خۆیان شەرمەزار دەبن" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦). گرنگیی ئەم تێڕوانینە لەوەدایە کە تا ئێستاش ئەم بارودۆخە، لە شێوەی دیکەدا، بەردەوامی و درێژەی هەیە.

هەروەها دڵدار، ڕێنمایی نوسەران دەکات کە بە چاوی ڕەخنەگرەوە سەیری بەرهەم و نوسینەکانی خۆیان بکەن و چاکتری بکەن، بە تایبەتی لە داڕشتنی شێوازی نوسینەکەدا. "نوسەر، کە نوسینەکەی تەواوکرد، بە چاوێکی ڕەخنەوە سەیری نوسینەکەی ناکانەوە کە بزانێ کەل و کۆمیی لە کوێندەرە و ڕاستی بکاتەوە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦). دڵدار دەڵێت: "نوسین هونەرێکی زۆر باڵایە، ئەم باڵاییەش لەسەر شانی نوسەران و قەڵەم بەدەستانە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦)، بۆیە تکا دەکات کە وردبین و بە سەرنج بن. "زۆر تکا لە خوێندەواران دەکەم کە دەنوسن، لە شێوەی نوسینیاندا ورد ببنەوە" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦).

### ٢.٥.٤ گۆڤار

دڵدار، ڕۆڵ و پێگەی گۆڤار و بڵاوکراوەکان، لە ڕۆڵ و پێگەی نوسەران کەمتر نابینێت، لەڕاستیشدا تەواوکەری یەکن، بۆیە ڕێنمایی و پێشنیازی بۆ ئەوانیش هەیە و لە کردەی جێگیرکردن و فراوانکردنی زمان و پاککردنەوەی زمان و چاکترکردنی شێوازی نوسیندا، بە گرنگییەکی زۆر و بەرچاوەوە لێیان دەڕوانێت و دەڵێت: "گۆڤاران نمونەی پاك و خاوێنیی زوبانن". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦). لەو قۆناغەدا، ئەرکی ڕاستکردنەوە و چاکترکردنی شێوازی نوسین، دەخاتە ئەستۆی گۆڤارەکان. "تکا لە گۆڤارخانەی گەلاوێژ دەکەم، کە هەر نوسینێکی بۆهات، لەپاش ئەوەی کە ڕای لە باسەکە بوو، زۆر بە وردی بیخوێنێتەوە، کەل و کۆمی ئینشایی ڕاست بکاتەوە". (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦)، چونکە "بەگشتی زمانی نوسین وەکو زمانێکی ڕاست، دروست، بەپێز و ڕەسەن ئەژمارکراوە". (خورشید، ٢٠١١، ٣٧).

هەر لەم بارەیەوە ڕو دەکانە گۆڤاری گەلاوێژ و دەڵێت: "گۆڤاری گەلاوێژ، وەکو کیمیاخانەیێك وایە، کە هەموو کوردێك لەم کیمیاخانەیەدا زوبانی کوردی لە هەموو ناتەواوییێك و ناشیرینێك بشۆرێنێ، چەشنە شێوەی نوسینێکی وای لێ بهێندرێتە دەرەوە، بتوانرێ ئیدیعای پێوە بکرێت" (عەلائەدین، ١٩٨٣، ١١٦). لێرەدا 'ئیدیعا

پێیوەکردن'، چەند مەبەستێك دەگەیەنێت:

**١.** شیاوی شانازیپێکردن بێت.

**٢.** شیاوی بڵاوکردنەوە بێت.

**٣.** ڕەزامەندیی خەڵکی لەسەربێت، هەر زمانێکیش ڕەزامەندیی پێبەخشرا، دەبێتە هۆکارێك بۆ گرێدان و کۆکردنەوەی خەڵکی، واتە هەمو خۆشیان بوێت و بە هی خۆیانی بزانن.

**٤.** تا ڕادەیەکی وا فراوان بێت، کە لە زۆربەی یان لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بەکاربێت . ئەم خەسڵەتانەش بەشێکن لە سیما و خەسڵەتەکانی زمانی فەرمی یان ستانداردی هەر میللەتێك. (فەتاح، ٢٠١٠، ٣٥٨).

## ٥. ئەنجام

دوای لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەر بەم ئەنجامانە گەیشت:

**١.** دیدی دڵدار بۆ زمان و ئەرکی پەیوەندیکردن 'لەیەکترگەیشتن'، زانستییانەیە.

**٢.** دڵدار، درکی بە ڕۆڵ و گرنگیی زمان لە ژیانی مرۆڤ بە گشتی و لە ئەدەبدا بەتایبەتی کردووە و پێیوایە کە زمان، ئامرازێکی کارای گەیاندن و خوڵقێنەری ئەدەبە و زمان نەبوایە؛ ئەدەبیش نەدەبو. لەبەرئەوە دانان و بونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردی، بە ئەرك و مەرجێکی بنەڕەتیی نوسینی کوردی دادەنێت.

**٣.** شیکردنەوە و بۆچونەکانی دڵدار، لە بەراوردکردنی ڕستەسازی 'ڕیزبونی کەرەستە'ی زمانەکانی 'کوردی- عەرەبی- تورکی'دا زانستییانەیە. هەروەها، بۆ دەرخستنی توانا و شیاویی زمان بۆ دەربڕینی ئەدەبی و هونەری، بەراوردی نێوان زمانەکانی 'کوردی و فارسی و تورکی' کردووە و زمانی شیعر کەرەستەی بەراوردەکەیەتی. دڵدار، لەسەر بنەمای خزمایەتی لە خێزانی زمانی و لێکچون و هاوبەشی لە کەرەستە و یاسا زمانییەکان بەراوردی نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوبەشیی 'جوگرافی و مێژویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی'ی نێوان گەلان بەراوردی کردووە.

**٤.** دڵدار لە باسی زماندا، وەك کەسێکی نەتەوەیی دەرناکەوێت و بڕیار نادات و ئەو هەستەی دەرناخات، بەڵکو وەك لێکۆڵەرێك بڕیاری کۆتایی بۆ لێکۆڵینەوە بەجێ دەهێڵێت.

**٥.** وەك نوسەر و ڕۆشنبیر و شارەزایەکی بواری زمانەوانی مامەڵەی لەگەڵ شێوازی نوسیندا کردووە و شارەزایانە و واقیعییانە ڕێنمایی نوسەران و دەستەی نوسەرانی گۆڤار دەکات و ئەرکەکانیان دەخاتەڕو.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان


الخولي، م. ع. (٢٠٠٠) مدخل الى علم اللغة، الاردن: دار الفلاح للنشر و التوزيع.

الضامن، ح.ص.(١٩٨٩) علم اللغة، الموصل: جامعة بغداد، بيت الحكمة.

تودوروف، ت. (١٩٩٣) اللغة و الادب - اللغة و الخطاب الادبي-، بيروت

چۆمسکی، ن. (٢٠١٣) زمانناسیی دیکارتی، چاپی ١ . هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

خورشید، غ. ع. (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپ ١ . سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

زیائەدین، چ. ن. م. (٢٠١١) کاریگەرییا تەمەنێ ل سەر زمانێ پەیوەندیکرنێ - باژێرێ دهۆکێ وەک نموونە، نامەی ماستەر، دهۆک: فەکوڵتیا زانستێن مرۆڤایەتی - زانکۆیا دهۆک.

سابیر، ڕ. (٢٠١٤) بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپ ٢، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ساپیر، (١٩٩٣) اللغة و الادب -اللغة و الخطاب الادبي-، بيروت.

سەعید، ی. ش. (٢٠١١) زمانەوانی. چاپ ١ ، هەولێر: ڕێکخراوی زمانناسی.

شوانی، ڕ. (٢٠٠٨) زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر: دەزگای موکریانی.

على، م. م. ى. (٢٠٠٤) مدخل الى اللسانيات، بنغازي، ليبيا: دار الكتب الوطنية.

عون، ن. (٢٠٠٥) الالسنية، لبنان: دار الفارابي.

عەلائەدین، ع. (١٩٨٣) دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، دار افاق العربية.

عەللاف، پ. ع. م. (٢٠٠٩) واتا و وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر: دەزگای موکریانی.

غلفان، م. (٢٠١٠) في اللسانيات العامة، ط ١، بنغازي، ليبيا: دار الكتاب الجديد المتحدة.

فەتاح، م. م. (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر: دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی.

فەتاح، م. م. (٢٠١١) زمانەوانی. چاپ ٣، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

لطفي، م. (١٩٨١) اللغة العربية في اطارها الاجتماعي، معهد الانماء العربي.

ئەحمەد، ش. ش. (٢٠٠٢) شێوازی شیعری جزیری، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

ئەمین، و. ع. (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp1-8